

شیرین حەمەفەرەج:
یاریزانی فوتساڵی یانەی پیرەمەگروون

# باشتر وایە راهێنەر دروستکەر بێت، نەک پشت بە بەرهەمێکی ئامادەکراو ببەستێ

پارێزگای سلێمانی لە یارییە وەرزشییەکاندا خاوەنی چەندین تیپی جۆراوجۆرە، تیپی فوتساڵی یانەی پیرەمەگروونیش یەکێکە لەو تیپانەی کە لە داهاتوودا چاویان لە ئەنجامی گەورەیە لە خولەکانی فوتساڵی کوردستان، یانەکەش بە ئامانجی پێشخستنی ئاستی یاریی فوتساڵ لە سنووری سلێمانی، تیپێکی تۆکمەی پڕ لە یاریزانی بەتوانای لە یانەکە کۆکردۆتەوە، بۆ ئەوەی بتوانن بەم کچە یاریزانانە کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی شایستە بکەن، شیرین حەمە فەرج یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکە و لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٩ی شاری سلێمانییە، دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشیی زانکۆی سلێمانییە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی فۆتۆ: حمەبابان

*** ئاستی یاریی فوتساڵ چۆن دەبینی کە ساڵانە خولتان بۆ دەکرێتەوە؟**

- بەراورد بە ساڵانی رابردوو تا رادەیەك باشترە.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانێتیی کەم، تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوو پێش نەچێت؟**

-ئەنجامدانی پاڵەوانێتی وا دەکات کە یاریزان بەردەوامبێ لە خۆئامادەکردن و راگرتنی هاوسەنگیی تواناکانی، ئەمەش وادەکات پاڵەوانێتیەکە بەهێز و چڕوپڕتر بێت.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاریی فوتساڵ ئاستی بەرز ببێتەوە؟**

-پێویستە ساڵانە زیاتر لە خولێك بکرێتەوە.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چیدا رەنگ دەداتەوە؟**

-نەبوونی شوێن و یاریگای گونجاو کە زۆربەی یانەکان لێی بێبەشن، منیش وەکو یاریزانێك بە گرفتی یارییەکەی دەزانم.

*** بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت چییە؟**

- وەکو کچە یاریزانێك بەنیازی ئەوەم لە پاڵ ئەم وەرزشەدا گرنگیی زیاتر بە یاریی هێزی لەش بدەم.

***لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە راهێنەر و یاریزانی دەرەوە ببەستن؟**

-هێنانی یاریزان و راهێنەری بیانی دەبێتە هۆی لەدەستدانی چانسی ئەو یانانەی کە ئەو توانا مادی و داراییەیان نییە کە یاریزانی بیانی بهێنێن، باشتر وایە راهێنەر دروستکەر بێت، نەك پشت بە بەرهەمێکی ئامادەکراو ببەستێ.

*** داواکاری و پێشنیازت بۆ لایەنی بەرپرس چییە؟**

-داواکاریم بۆ لایەنی بەرپرس دانانی بودجەیەکی بچووکە بۆ ئەم یارییە، لایەنی کەم بتواندرێ پێداویستییەکان و کەلوپەل و هاتوچۆی یاریزانانی پێ پڕ بکرێتەوە.

*** بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ لەم یارییە؟**

-بێگومان ئەوە خەونی هەموو یاریزانێکە.

*** وەکو یاریزانێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

- خەونی وەرزشی لەم یارییانەی هەڵمبژاردووە ئەوەیە کە بتوانم ببمە ئەستێرەیەکی دیار.

***بەچ یاریزانێك سەرسامیت؟**

- رۆنالدۆی دیارە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو گرنگیدانە بەردەوامەی کە بە وەرزشی ناوخۆی دەدات.





# شەقڵاوە ئامانجی گەیشتنە بە خولی نایابی کوردستان

تیپی تۆپی پێی یانەی شەقڵاوە ئەم وەرزە لە ریزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان یاری دەکات، بە ئامانجی گەیشتن بە خولی نایابی یانەکانی کوردستان بۆ وەرزی نوێ، ئەمساڵ ئیدارەی یانەکە بە ستافێکی جیاواز دەیەوێت بچێتە نێو کەشوهەوای یارییەکانی ئەم وەرزەی خولی پلە یەکی یانەکانی کوردستان، کە دروشمی یانەکە بۆ ئەم وەرزە لەژێرناوی (شەقڵاوە بەرەو خولی نایابی کوردستان هەنگاو دەنێ) دەستیان بە ئامادەکاری کردووە، لەم بارەشەوە مامۆستا (زیاد خۆشناو) سەرۆکی یانەی وەرزشیی شەقڵاوە بۆگۆڤاری گوڵان گوتی: «تیپەکەمان ئامادەکاریی باشی کردوە و گۆڕانکاریی تەواومان لە ستافی راهێنەراندا کردووە و راهێنەری پیشەگەری ئێرانی (مستەفابابەزادە) کە پێشتریش یانەکەی لە خولی پلە دوو خستووە پلە یەك، ئەمساڵیش ئامانجی گەیشتنە بە خولی نایابی کوردستان»، سەرۆکی یانەی وەرزشیی شەقڵاوە گوتیشی: «تیپەکەمان گۆڕانکاریی لە پێکهاتەی یانەکەشدا کردووە و سێ یاریزانی پیشەگەری ئێرانی و شەش یاریزانی دەرەوەی شەقڵاوە و حەوت یاریزانی لاویشمان سەرخستووە، زۆربەی یاریزانەکانی وەرزی رابردووش لە تیپەکە بەردەوام بوون، هەرچەندە ئێمەش وەك سەرجەم یانەکانی دیکە گرفتی داراییمان هەیە، بەڵام لایەنی حزبی و حکومیی شارەکە بەڵێنی هاوکارییان پێمان داوە، بۆ ئەوەی ئەمساڵ کێشەی دارایمان نەبێ و تیپەکە بگەیەنینە خولی پلە نایابی کوردستان، کاری باشمان بۆ تیپەکە کردووە، بۆ ئەوەی بتوانین لە خولەکەدا ئاستی باش پێشکەش بکەین.



## سەرجەم کچان

تیپی فوتساڵی کچانی یانەی سنووری نوێنەری دەڤەری سۆران، لەم وەرزەی خولی پلە یەکەکانی فوتساڵی کچانی کوردستان، چاویان لەوەیە کە لە خولی کوردستاندا نوێنەری کچانی دەڤەرەکەیان بن، ئەم وەرزەش جیاواز لە وەرزەکانی دیکە کچانی یانەکە بە بەشداری کۆمەڵێك یاریزان چاویان لەوەیە کە تیپەکە بگەیەننە خولی پلە نایابەکانی کوردستان، تیپەکەش ئەمساڵ یەکەم وەرزییانە لە خولی کوردستان، بۆیە ئامانجی تیپەکە



# شەش کچە یاریزانی فێرگەی رانیە چوونە ریزی تیپی قەڵادزێ

تیپی فوتساڵی کچانی یانەی قەڵادزێ بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولی پلە یەکی یانەکانی کوردستان کە بڕیارە لە مانگی داهاتوو بەڕێوە بچێت، لە نێوان یانەکانی بەشداربوو لە خولەکە، دەستەی کارگێڕیی یانەی قەڵادزێ بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە و سەرکەوتن بۆ خولی پلە نایابی کچانی کوردستان، گرێبەستی لەگەڵ شەش کچە یاریزانی تیپی فێرگەی رانیە ئەنجام داوە، فێرگەی رانیەش کە ساڵانە چەندین کچە یاریزان بۆ تیپەکانی کوردستان بەرهەم دەهێنێت و دەیانبەخشێتە یانەکانی دیکەی کوردستان بۆ یاریکردن لە خولەکانی کوردستان، هەریەك لە کچە یاریزانان (باوان خدر، ئاوێزە حەسەن، سومەیە سدیق، سۆزی بتوێن، شوشە جومعە، هەژان ئەحمەد) ئەمساڵیش لە خولی فێرگەکانی کچانی رانیە بوونە پاڵەوان و توانییان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن، ئیدارەی یانەی قەڵادزێش باشترینەکانی بۆخۆیان هەڵبژاردوە و چاویان لە ئەنجامی گەورەیە، لەم بارەشەوە (باوان خدر) یەکێك لە یاریزانانی تیپی فێرگەی رانیە، کە ئەمساڵ گرێبەستی لەگەڵ تیپی قەڵادزێ کردووە، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە ئەو شەش کچە یاریزانەی تیپی فوتساڵی فێرگەی رانیە بە فەرمی گرێبەستمان تەنیا بۆ خولی پلە یەکی یانەکانی کوردستان لەگەڵ کچانی قەڵادزی کردووە، دەمانەوێت ئاست و ئەنجامی گەورە لەگەڵ ئەو تیپە بەدەست بهێنین و تیپەکەش سەربخەین بۆ خولی نایابی کوردستان، ئەم یاریزانانەش باشترینەکانن لە فێرگەی رانیە و چاویان لە وەیە کە بتوانن ئاست و ئەنجامی شایستە پێشکەش بکەن»، هەروەها گوتیشی: «نامانەوێ ناوەڕۆکی گرێبەستەکەمان ئاشکرا بکەین، چونکە ئەوە تایبەتە لە نێوانی ئێمە و یانەکە، بۆیە ئێمە وەکو یاریزانانی تیپی قەڵادزێ بەردەوامین لە ئامادەکارییەکانمان ئەوەی باش بێت بۆ تیپەکە، ئێمە درێخی ناکەین و ئامانجمان سەرخستنی یانەکەیە و دەمانەوێ لە خولەکەدا باشترین ئاست پێشکەش بکەین، ساڵانەش تیپەکانی رانیە چەندین یاریزانی باشی لێ دەردەچێت، ئێمەش بۆئەوەی بتوانین ناومان بچێتە ریزی تیپە گەورەکان و یاریزانە باشەکانەوە، ئەوەی لە دەستمان بێت بۆ یانەکەمان، درێخی ناکەین».

## ــــی یانەی سنوور خۆبەخشن

گەیاندنی یانەی سنوورە بۆ ریزی یانە گەورەکانی کوردستان، لەم بارەشەوە (هەڵاڵە فەیسەڵ) یاریدەدەری راهێنەری تیپی کچانی فوتساڵی سنوور بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامادەکاریی باشمان کردووە بۆ ئەوەی بتوانین ئەمساڵ کە یەکەم وەرزە لە خولی پلە یەکی کوردستان یاری دەکەین، ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنین، بۆ ئەو مەبەستەش ماوەی مانگێکە لەژێر سەرپەرشتیی سێ راهێنەردا دەستمان بە راهێنانەکانمان کردووە، ئومێدێکی زۆرمان هەیە کە بتوانین سەرکەوتوو بین و ئامانجی گەورەشمان هەیە، پشتیوان بە خودای گەورە یاریزانانی تیپەکەمان بە تەواوی لە ئامادەباشیدان و بە ورەیەکی بەرزەوە و خۆبەخشانە بێ بەرامبەر، بۆ ئەم خولەکە ئامادەن»، لە بارەی کێشەکانیانیشیانەوە هەڵاڵە فەیسەڵ گوتی: «کێشەمان زۆرە، وەك نەبوونی یاریگایەکی فەرمی و تایبەت بەم یارییە، تابتوانین رۆژانە مەشقی پێویست ئەنجام بدەین، ئێمە هەر رۆژەی لە شوێنێك مەشق دەکەین، چونکە هۆڵەکانمان بەرناکەوێ، یان گونجاو نین بۆ مەشق، نەبوونی سەرچاوەیەکی دارایی و سپۆنسەرێك بۆ یانەکەمان ئەوەیش ئاستەنگی دروست کردووە، بەڵام ئەوەی جێی دڵخۆشیە، ئەوەیە کە ئێمە هەمووومان خەڵکی سۆرانین و هیچ یاریزانکی دەرەوەی سۆرانمان نییە، ئەمانەوێ زیاتر گرنگی بە یاریزانانی خۆمان بدەین و ئەنجامی گەورە بەم یاریزانانە بەدەست بهێنین.

# ئیسکۆ لە یانەی شاهانە دەڕوات

بەرلە چەند رۆژێک، ئیسکۆ لە لێدوانێکدا رایگەیاند ئەو نایەوێت لە ریال مەدرید بڕوات و سوورە لەسەر کۆششکردن لەپێناو بەدەستهێنانەوەی متمانەی زینەدین زیدانی راهێنەر و چوونەوە نێو پێکهاتەی سەرەکی یانەکە، بەڵام وادیارە ئیسکۆ لەو قسانەی پەشیمانە و ئێستا هەڵوێستی خۆی گۆڕیوە.

باوکی ئیسکۆ، لە لێدوانێکدا گوتی: ئیسکۆ بە ریال مەدریدی گوتووە هیچ دەستەوارەیەکی فەرمی بۆ نەهاتووە، سەرەڕای ئەوەی میدیاکان ناوی ئەویان بە چەندین یانەوە بەستووەتەوە.

باوکی ئیسکۆ زیاتر گوتی: کاتی ئەوە هاتووە ئیسکۆ لە خولی ئیسپانی بڕوات و لە گواستنەوەی زستانەدا بچێتە خولێکی دیکە و لەوێ یاری بکات.

لە هەمان کاتدا باوکی ئیسکۆ لە بەردەوامی قسەکانیدا گوتی: لەوانەشە ئیسکۆ تاوەکو کۆتایی ئەم وەرزە لەگەڵ ریال مەدرید بەردەوام بێت، ئەو لاری نییە لە مانەوە لەم وەرزەدا.

سەرچاوەکانی هەواڵ لە ئیسپانیا، باس لەوە دەکەن، کە ئەو هەڵوێست گۆڕینەی ئیسکۆ، بەرپرسانی یانەی ریال مەدرید و زینەدین زیدانی راهێنەری تووشی شۆک کردووە و دەڵێن: ئەوان زۆریان پێ سەیرە، کە بەر لە چەند رۆژێک ئیسکۆ دووپاتیکردووەتەوە، کە نایەوێت لە ریال مەدرید بڕاوت، کەچی ئێستا ئامادەیە ریزەکانی یانەی ریال مەدرید جێبهێڵێت.

ماوەی گرێبەستی ئیسکۆی تەمەن ٢٨ساڵان لەگەڵ ریال مەدرید، لە هاوینی ٢٠٢٢ تەواو دەبێت، بەڵام ئەگەر ئیسکۆ سووربێت لەسەر رۆیشتن، لەوانەیە بەرپرسانی ریال مەدرید ئامادەبن لە گواستنەوەی ئەم زستانەدا بەخۆڕایی دەستبەرداری یاریزانەکەبن، بۆ ئەوەی ساڵی دواتر بەخۆڕایی لەدەستی نەدەن.



# گرێبەستی مانچیستەر سیتی بۆ میـــ

رۆژنامەی زە تایمزی بەریتانی ئاشکرای کردووە مانچستەر سیتی گرێبەستێکی گەورەی بۆ گواستنەوەی یاریزان لیۆنێل مێسی ئامادە کردووە.

سەرچاوەکە نووسیویەتی گرێبەستەکەی مانچیستەر سیتی بۆ مێسی بۆ ماوەی ١٠ ساڵ دەبێت و ئەو کاتە لیۆنێل تەمەنی دەبێتە ٤٣ ساڵ.

گرێبەستەکەش بەسەر ٣ قوناخ دابەش دەکرێت، لە قۆناخی یەکەمدا مێسی لە خولی نایابی ئینگلیزی یاری بۆ مانچیستەر سیتی دەکات.






## ...سی ئاشکرا کرا

لە قۆناخی دووەمیشدا ئەستێرە ئەرژەنتینیەکە لە یەکێك لە یانەکانی کۆمەڵەی سیتی بۆ تۆپی پێ یاری دەکات و لە قۆناخی کۆتاییشدا لیۆنێل دەبێتە باڵیۆزی جیهانی لە کۆمەڵەی سیتی.

لیۆنێل مێسی تەمەن ٣٣ ساڵ ماوەی ٢٠ ساڵە یاری بۆ بەرشلۆنە دەکات، لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە ٤ نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و ١٠ نازناوی خولی نایابی ئیسپانی بەدەستهێناوە و ٦ جار خەڵاتی تۆپی زێرینی بردووەتەوە، لەگەڵ بەرشلۆنە ٧٤٢ یاری کردووە ٦٤٠ گۆڵ و ٢٨١ ئاسیستی لە سەرجەم پاڵەوانێتییەکان کردووە.

# کریستیانۆ چارەنووسی خۆی لەگەڵ یۆڤانتوس یەکلاکردووە




خۆرخی مێندێز بەڕێوەبەری کارەکانی کریستیانۆ رۆناڵدۆ کۆتایی بەو دەنگۆیانە هێنا، کە لە بارەی چارەنووسی ئەستێرە پورتوگالییەکە باس دەکرا و رایگەیاند، کە کریستیانۆ بۆ ساڵی داهاتووش لە یۆڤانتۆس دەمێنێتەوە.

لە ماوەکانی رابردوو میدیاکانی ئیتاڵیا و فەرەنسا دەنگۆی ئەوەیان بڵاوکردەوە، کە کریستیانۆ رۆناڵدۆ لە لایەن پاریس سانت جێرمانەوە داوا کراوە و ئاماژە بۆ ئەوەش کرابوو، کە یۆڤانتۆس بەهۆی قەیرانی دارایی لە کۆتایی ئەم وەرزە دەستبەرداری مووشەکەکەی مادێرا دەبێت.

لەمبارەیەوە خۆرخی مێندێز بەڕێوەبەری کارەکانی کریستیانۆ رۆناڵدۆ لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی تۆتۆسپۆرتی ئیتاڵیا جەختی لەوە کردەوە، کە کریستیانۆ تا هاوینی ٢٠٢٢، کە کۆتایی گرێبەستەکەیەتی لەگەڵ یۆڤانتۆس بەردەوام دەبێت.

خۆرخی مێندێز گوتیشی: پێویستە کریستیانۆ بۆ شکاندنی ریکۆردی زیاتر و نووسینەوەی مێژووییەکی گەورەتر لە خولی ئیتاڵیا بمێنێتەوە.

بەڕێوەبەری کارەکانی ئەستێرە پورتوگالییەکە هێمای بۆ ئەوەش کرد، کە کریستیانۆ هیچ نیەتێکی نییە بۆ ئەوەی پێش کۆتایی هاتنی گرێبەستەکەی ریزەکانی یۆڤانتۆس جێبهێڵێت.

کریستیانۆ رۆناڵدۆی تەمەن ٣٥ ساڵ لە یانەی ریال مەدریدەوە هاوینی ٢٠١٨ روویکردە یانەی یۆڤانتۆس، لەگەڵ یانەی خانمەپیرەکە لە کۆی ٩٥ یاری ٧٣ گۆڵی کردووە، ٩٣ ئاسیستیشی هەیە.